بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی كوردستان

**رۆژنامەی رەسمیی حكومەتی هەرێمی كوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەكات**

**ژمارە(٢٥) ساڵی دووەم ٢٠٠١/١٢/٢٧ زاینی(٦)ی بەفرانباران ٢٧٠١ كوردی (١٢)ی شەوال ١٤٢٢ی كۆچی**

## لەم ژمارەیەدا :


- بڕیاری ژمارە ( ١٤ )ی ساڵی ٢٠٠١ — ل١
  قبوڵ كردنی دەستهەڵگرتنی ئەندامی پەرلەمان
  د . قیس دیوالی و پەسندكردنی ئەندامیەتی فاتح محمدأمین
- بەیاننامەی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٠١ — ل٢
  راست كردنەوەی هەڵەیەكی چاپ لە یاسای
  ژمارە ( ١٣ )ی ساڵی ٢٠٠١ی سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووساندا
- بەیان — ل٣
  زیادكردنی پیشەی چاككردنەوەی ئامێری ئاگركوژاندنەوە
  بۆ سەر یاسای مومارەسەی پیشەیی ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٨٧


ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان

www.mojkurdistan.com

e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشان : هەولێر باڵەخانەی وەزارەتی داد

بەداڵە ( ٢٢٣٠٣٥١ : ٢٢٣٠٣٥٢ : ٢٢٣٠٣٥٣ : ٢٢٢٠٥١٢ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان


الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

العـدد ( ٢٥ ) السـنة الثانيـة ٢٠٠١/١٢/٢٧م ( ٦ ) بەفـرانبـاران ٢٧٠١ ك ( ١٢ ) شـوال ١٤٢٢ هـ


## في هـذا العـدد


• قـرار رقـم (١٤) لسـنة ٢٠٠١ ص٤
قبول أستقالة عضو البرلمان د . قيس ديـوالي و أحـلال العضـو فـاتـح محمـدأمين محلـه

• بـيـان رقـم ( ٢ ) لسنة ٢٠٠١ ص٥
تـصحيـح الخطـأ المطبـعي الـوارد فـي قـانـون رقـم (١٣) لسنة ٢٠٠١ قانـون صنـدوق تقاعـد صحفيي كوردستان

• بـيـان ص٣
أضافـة مهنـة تصليح أجهـزة الأطفـاء الـى قانـون ممارسـة المهنـة رقـم ١٨ لسـنة ١٩٨٧



ئـــەرشيفى ڕۆژنامەى وەقايعى كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com



e.mail: waqaea@yahoo.com

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بــڕيـــار : ١٤**
**ڕۆژی دەرهێنان : ٢٠٠١/١٢/١١**

## " بڕيـــار "

پشــــت بە حوكمەكانی ماددەی (٢/٤٣) و (٤٤) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ و ماددەی (١٢) و (٣٥) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و ، لەسەر نووسراوی ژمارە (١٠٦٦)ی رۆژی ٢٠٠١/١١/٢١ی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کە خۆی خاوەنی لیستی (زەرد)ی هەڵبژاردنە ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢٥)ی رۆژی ٢٠٠١/١٢/١١ یدا ، ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا :

**یەکـەم :**

أ. دەستهەڵگرتنی (د. قیس دیوالی) لە ئەندامێتی ئەنجومەن قبولّ کرا .

ب. پاڵێوراوی لیستی هەڵبژاردن (فاتح محمدامین) بە ئەندام لە ئەنجومەندا قبولّ کرا و جێگای ئەندامی دەستهەڵگرتووی سەرەوە دەگرێتەوە .

**دووەم :**

لەبەر ئەوەی ئەم پاڵێوراوەی لیستی هەڵبژاردنە کە ناوەکەی ، لە سەرەوە هاتووە ، لە رۆژی ٢٠٠١/١٢/١١ دا سوێندی یاسایی خواردووە ، ئەوا ، لە هەمان رۆژەوە ئەندامێتیی لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقدا خراوەتەکار .

**سـێيـەم :**

پێویستە ، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار .

**چـــوارەم :**

ئەم بڕیارە لە رۆژی ئیقرارکردنی لە رێکەوتی (٢٠٠١/١٢/١١) ـەوە دەخرێتە بەرکارو لە (وەقایعی کوردستان) دا بلاّودەکرێتەوە .

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## " بــەياننـــامـــە "

پـشت بـە حـوكمی مـاددەی هەشـتەم لـە ياسـای ژمـارە (٤)ی سـاڵی ١٩٩٩ (ياسـای بڵاوكردنەوە) لە رۆژنامەی رەسميی (وەقايعی كوردستان) و ، لەبەر ئەوەش كە هەڵەيـەكی چـاپ لـە بڕگـە (٣)ی مـاددەی چـواردەی ياسـای ژمـارە (١٣)ی سـاڵی ٢٠٠١ی سـندوقی خانەنيشينی رۆژنامەواناندا رووی داوە كە لە ژمـارە (٢١)ی رۆژی ٢٠٠١/١٠/٣١ی رۆژنامـەی وەقايعی كوردسـتاندا بڵاوكراوەتـەوەو ، ئـەو بڕگەيـە بـەم شـێوە هەڵەيـەی خـواەوە چـاپ كراوە:

((بە مەرجێ بێبەش كردن و داخستنەكە پێچەوانەی بەرژوەندی گەلی كوردستان بێت))

دەقە دروستەكەشی ئەوەيە كە بەم شێوەيەی خوارەوە بخوێندرێتەوە :

((بە مەرجێ بێبەش كردن و داخستنەكە پێچەوانەی بەرژەوەندی گەلی كوردستان نـەبێت))

لەبەر ئەوە بە پێويست زانرا كە ئەو هەڵەيە دەستنيشان بكرێو راست بكرێتەوە.

**تێبـيـنــی :**

((هەڵەكە تەنيا لە دەقە عەرەبيەكەدا هاتووە)) .

**د. رۆژ نــوری شــاوەيس**
**ســەرۆكی ئەنجــومــەنی نيشــتمانيی كوردســتانی عێــراق**

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ئەنجــومــەنــی وەزیـــران**
**وەزارەتی تەندروســتیو کاروبـاری کــۆمەلآیەتی**
**بەڕێــوەبەرایـــەتــی گشــتی دیــوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کارگێــڕی**

## " بەیـــان "

١. پـشت بـە بەنـدی ١٦ لـە یاسـای ومارەسـەی پیـشەیی بـۆ چـاککردنەوەی ئـامێرو مەکینەو هۆیەکانی گواستنەوە ژمارە ١٨ لە ساڵی ١٩٨٧ بریارماندا بە :

خستنە سەر (أضافة) پیشەی چاککردنەوەی ئامێری ئاگرکوژاندنەوە بە زنجـیرەی (٣٩) کە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت .

(چـاککردنەوەی ئـامێری کوژاندنــەوە بـە هــەموو جۆرەکـانی ـــ ئۆتۆمبیـل ـــ ئـامێری کۆمپیوتەر و فۆتۆکۆپی) .

٢. کار بەم بریارە دەکرێت لە رۆژی بلآوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستان .

**د. جمـــال عبـدالحمیــد**
**وەزیـــری تەنــدروستیو کاروبـــاری کــۆمــەلآیــەتی**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بـاسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القــرار : ١٤**
**تـأريخ الأصـدار : ٢٠٠١/١٢/١١**

## " قـــرار "

استناداً الى احكام المواد (٢/٤٣) و (٤٤) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و المواد (١٢) و (٣٥) من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و بناءاً على ما جاء بكتاب المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستاني المرقم (١٠٦٦) في ٢٠٠١/١١/٢١ باعتباره صاحب القائمة الأنتخابية (الصفراء) قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المرقمة (٢٥) و المنعقدة بتأريخ (٢٠٠١/١٢/١١) ما يلي:

**أولاَ :**

أ. قبول أستقالة (د.قيس ديوالي) من عضوية المجلس.

ب. قبول مرشح القائمة الأنتخابية (فاتح محمدامين) عضواً في المجلس و حلوله محل العضو المستقيل اعلاه .

**ثانيـاً :**

لأداء مرشح القائمة الأنتخابية الوارد أسمه أعلاه اليمين القانونية في ٢٠٠١/١٢/١١ ، عليه تكون عضويته في المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق نافذة أعتباراً من تأريخه.

**ثالثـاً :**

على رئاسة المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق تنفيذ احكام هذا القرار .

**رابعـاً :**

يكون هذا القرار نافذاً أعتباراً من تأريخ اقراره في ٢٠٠١/١٢/١١ و ينشر في جريدة وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نـوري شـاويـس**
**رئيـس المجلـس الـوطني لكوردستان العـراق**

ئـــــەرشيفى ڕۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

## " بيـــان "

استناداً الى حكم المادة الثامنة من القانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٩ (قانون النشر) في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) ولوقوع خطأ مطبعي في الفقرة (٣) من المادة الرابعة عشرة من قانون صندوق تقاعد صحفي كوردستان ــ العراق رقم ١٣ لسنة ٢٠٠١ المنشور في جريدة وقائع كوردستان العدد (٢١) في ٢٠٠١/١٠/٣١ حيث طبع عجز الفقرة بالشكل التالي :

(على أن يتعارض الحرمان و الغلق مع مصلحة شعب كوردستان) .

في حين ان النص الصحيح يقرأ كما يلي :

(على ان لا يتعارض الحرمان و الغلق مع مصلحة شعب كوردستان) .

عليه اقتضى التنوية لتصحيح الخطاَ المشار اليه .

**د. رۆژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

ئـەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com